# دەسەڵات و ڕەخنە و دەنگە جیاوازەکان

حەمەڕەشید ماوەتی

گەلانی رۆژئاوا تا گەیشتوونەتە ئەم بارودۆخە پێشکەوتووە لە بوارەکانی ژیاندا، بە چەندین ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا گوزەریان کردووە، بە دەیەها جۆر رژێمی سیاسی و حکومەت و دەسەڵاتیان تێپەڕاندووە، لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوویاندا دەیەها جەنگی دەمارگیری و مەزهەبی و ئاینی و چینایەتی دەبینی جگە لە دوو جەنگی گەورەی جیهانی، کە بە ملیۆنەها خەڵکیان کردە قوربانی و بە دەیەها شاریان بە خاك یەکسان بوون بە کەلاوە، بەڵام سەرلەنوێ تێهەڵچوونەتەوە و لە جاران باشتریان بنیات ناوەتەوە. سیستەمەکانی دەسەڵاتی ئاینی و شۆڤێنی و پادشایی و بنەماڵەیی و دیکتاتۆری و تاك حیزبی و چینایەتییان بینیوە، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە پەند و عیبرەتیان لە هەموو شێوەکان وەرگرتووە، بۆیە ئێستا خاوەنی ئەزموونەکانن لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.. بە ئەزموون سەلماندوویانە کە هەوێنی ئەم هەموو داهێنانەی کە ئێستا هەیانە و مامۆستای گەلانی ترن بەرهەمی ئازادییەکانە، ئازادیی تاك و کۆمەڵ و پاراستنی مافی مرۆڤەکان بەلایانەوە باشترین شێوازی رەفتار و ژیانە، بۆیە لە دەستورەکانیاندا تۆماریان کردووە و پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و خەڵك و دەسەڵاتیان دیاری کردووە و ئێستا کە بووەتە شێوازی رەفتاریان و پێی دەژین و بۆی دەژین و لە ژێر سێبەری ئازادییە گشتییەکاندا دونیای ئەمرۆیان پڕ کردووە لە داهێنانی ئەنتیکە و سەرسوڕهێنەر بە ئامرازەکانی دەنگ و رەنگ و گەیاندن مەودای نێوان گەلانیان لێك نزیك کردووەتەوە و کلتورەکانیان هێناوەتە حاڵەتی کار لەیەکترکردن، ئەمڕۆ کە هەواڵێك لە هەرکوێی ئەم دنیایەدا بێت بە جیهاندا پەخش دەبێتەوە و کاریگەری لەسەر زیهنی تاکەکان دادەنێ، رووی ناشیرینی رەفتارە دزێوەکان دەردەخات، بواری قۆرخکردن و شاردنەوەی رەفتار و بیر و هزرەکان نەماوە، تەنانەت بۆ مامەڵەکردنی خەڵك و دەسەڵاتەکانیش.. رەوڕەوەی پێشکەوتن زۆر بە خێرایی بەرەو پێش دەچێ.. بۆیە کوردستانی لەمەڕ خۆشمان هەر لە ساڵی (1991)ەوە تا ئێستا بە رەوتێکدا دەڕوا ئەم ساڵی لە پاری جیایە، ئەمڕۆی لە دوێنێ باشترە، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەکانی پێشووی باشترە، رەوتەکەش بەرەو باشتر و باشتریش دەڕوات. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە بەیانی خوێندەوە پڕ بوو لە هیوا و ئاوات تەنها جێبەجێکردنی دەوێ بە تایبەتی لەسەر خزمەتگوزاری و ئازادییەکان و مافەکانی تاك و کۆمەڵ، بۆیە دەبێ قیادەی سیاسی کە لە حیزبەکان پێك هاتووە، بەتایبەتی دوو حیزبی زۆرینەی ناو دەسەڵات و حکومەت ئەوە بزانن ئەگەر لە هەموو بوارێکدا ئەمڕۆیان لە دوێنێ باشتر نەبێ، دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە، هەموو ئەوانەش بەستراون بە ئازادییەکانەوە. تاك و کۆمەڵی ئازاد، هەمیشە زیندوو و بەرهەمهێنەر و داهێنەرە، ئازادیی سیاسی رەخنەی بنیاتنەر هاندەری بەرەوپێشچوونە. نەبوونی بەرهەڵستکار و رێگرتن لە رەخنە و ئازادیی رەخنەگرتن، مایەی چەقبەستوویی و دواکەوتنە .

دەمکوتکردنی رەخنەگر بە ناوی بەشداریی لایەنە سیاسییەکان لە حکومەتدا بەرامبەر ئەدای کاری حکومەت کارێکی ترسناکە، پێچەوانەی دیموکراتیەت و گەشەکردنە، لە هەمان کاتدا رەخنەی رووخێنەر و پشێوو پەرتو بڵاویش کارێکی نادروستە، ئەمەش ئەرکەکان زیاد دەکات، بەتایبەتی لەسەر پەرلەمانە هەرچی زووە دەستوری هەرێم بخاتە روو تاکو رەخنەکانیش بە میکانیزمی دەستوری رێك بخرێن نەك دەمکوت بکرێن.. رەنگە ئیتر بەس بێ کە حیزبی ناو حکومەت بەرگری لە ورد و درشتی کارەکانی حکومەت بکات و هەرکەسێ رەخنەی گرت بە دوژمنی حکومەتی بزانێ. ناکرێ چاوی حکومەت بێ، بەڵکو دەبێ چاودێری حکومەت بێت لە پاڵ خەڵك و لەناو خەڵکدا، ئەو کاتە بە ڕاستی دڵسۆزی گەل و خاك و حکومەتە. دەکرێ یەکێ بڵێ ئەندامانی پەرلەمان ئەو رۆڵە دەبینن، ئەمەش راستە، بەڵام من ئەوە دەڵێم کە پەرلەمان میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ دانیشتنێك لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دەرەوە و ناوەوەی حیزب، کەناڵێك دیاری بکەن کە دەنگە جیاکان بە حکومەت بگات، رەخنە دروستەکان بکەونە بنیاتنان نەك تەنها ئەوان.. خەڵکانی زێتر و لێهاتووی ناو جەماوەریش، بەمەش مەودای نێوان جەماوەر و حکومەت کەم دەبێتەوە، کە رەنگە ئەو کارە گەلێك دەروازەی داهێنان و پێشکەوتن بکاتەوە بۆ حکومەت و خەڵك و خاك

www.kurdiu.org